# دەوڵـــەتی یـــاســـا

د.هەلیل نەسر و.بەهزاد حەویزی

چەندین تیۆر هەن سروشتی پەیوەندی نێوان دەوڵەت و یاسایان تاوتوێ کردووەو راوبۆچوونەکانیشیان لەو رووەوە هەم کۆک و هەم ناکۆک بووە، جالێرەدا ئەو دەرفەتە نییە ئەو راو بۆچوونە -فیقهیانە- بخرێنەڕوو، تەنیا ئەوەندە نەبێ بەخێرایی باس لە چەمکی دەوڵەتی یاسا بکەین، ئیدی خوێنەریش سەرپشکە لە دەستنیشانکردنی پێگەی ئەو دەوڵەتانە لەرووی ئەو چەمکەوە.

کلێسەی کریستیانی تاوەکو کۆتایی سەردەمی شارلمان بانگەشەی تیۆری هەقی راستەوخۆییانەی ئیلاهی دەکرد، واتە خودا ئاوا ئادەمیزادی خەڵق کردووە تا لە نێو گرووپدا بژییێت، ئەو دەسەڵاتە گشتیەشی خوڵقاندووە، کە خەڵکی بەڕێوە دەبات، خوداش بۆ خێروچاکەی رەعیەتەکانی دەست وەردەدات لە هەڵبژاردنی فەرمانڕەواکان، ئینجا سەردەمی سکولاریزم هات، کە تا سەرهەڵدانی سەردەمی رێنیسانس بەردەوام بوو برەوی دا بە تیۆری -تەفویزی ئیلاهی- واتە خودا راستەوخۆ دەست وەرنادا لە شێوازی دەسەڵات و چۆنیەتی پیادەکردنی، بەڵکە دەسەڵات لەئەوەوە دێ، بەڵام گەل نوێرانی خۆی هەڵدەبژێرێ( constitutionnel .(T1,Duguit,droit,p414

لە کۆتایی سەدەکانی ناوەڕاستدا پێ بە پێ چەمکی دەوڵەتی یاسا تەشەنەی کرد(مەگنەکارتا la Grand charte–)ی بەریتانیا ساڵی 1215 کۆمەڵێك رێساوماڧ دیاری کرد بەمەبەستی پاراستنی تاکەکەس لە سەرکوتکاریی، لەگەڵ شۆڕشی 1689 فاکتی ماڧەکان( Bill of Rights) بە پێی ماددەی یەکەمی هەڵوەشاندنەوەی یاساکان یا جێبەجێکردنی

ژمارە 47 حوزەیرانی 2009

یاساکان لەلایەن دەسەڵاتی مەلەکیەوە بەبێ ڕەزامەندی پەرلەمان کارێکی ناڕەوایە (نامەشروعە) سەبارەت بە سەپاندنی باجیش بەهەمان شێوە، ئینجا سیستەمی فەرمانڕەوایی پەرەی سەند تاوەکو گەیشتە شێوازی مەلەکیەتێکی سنووردار.

هەروەك لە جاڕنامەی سەربەخۆیی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا لە ساڵی 1776دا هاتووە، پێویستە حوکمەتەکان لەسەر یا بەپێی ڕەزامەندیی هاووڵاتیانیان چێ ببن، هەرکاتێکیش بوونە قوربانی ستەمکارییانەی ئەو (واتە حوکمەتەکە) یا گەر بینیان ڕووەو ستەمکارییەتێکی ڕەها (despotisme absolu) مل دەنێ، ئەوە ئەوان (واتە هاووڵاتیان) دەسەڵاتی گۆڕینیان هەیە، هەروەها جاڕی مافی ئازادی داوە بۆ گشت خەڵکی لە بەرئەوەی بە ئازادی هاتوونەتە دنیاوە، هەروەها مافی یەکسانیی، ئەرکی بنەڕەتی حوکمەتەکانیش - کە بۆ ئەوان هاتووە - دەستەبەرکردنی ئەو مافانەیە.

جا لەگەڵ سەرهەڵدانی دەوڵەتی مۆدێرندا شا-یەکان توانیان ئیمتیازاتە شەخسییەکانیان مسۆگەر بکەن لەو کاتەی ئیمتیازاتەکانی دەرەبەگ و کاربەدەستانی کلێسە لە سەرووشیانەوە پلپا پاشەکشەیان کرد ئیدی چ دەسەڵاتێکی دیکە لە شانشینەکە نەما لە سەرەوەی دەسەڵاتی شا، بەمەش جارێکی دیکە ستەمکارییان گەڕاندەوە فەرەنساش بوو بە شانشین و وەکو بڵێی کەرتێکی تایبەتی شایە، شا لویسی چواردەیەم دەیوت من دەوڵەتم (I Etat cest moi) واتە لە کەسێتیەکەیدا بەرجەستەیە نەك وەك هەندەك وای تێگەیشتوون، گوایە پوخت یا کورتکراوەتەوە تا ئەو بێ بە دەوڵەت.

پاشان شۆڕشی فەرەنسی هات لە ژێر کاریگەریی بیروڕاکانی جان جاك ڕۆسۆ و مۆنتسکیۆ، گشت ئەوانەی پێشووی وەلاناو ڕایگەیاند، کە چ دەسەڵاتێك لەسەرووی یاساوە لە فەرەنسادا بوونی نییە، ئەو یاسایە تاکەکەس لە ستەمکاریی دەپارێزێ و سەروەریش بۆ خاوەنی ئۆرگینالی خۆی بۆ گەل گەڕایەوە و سەروەریی و کەسانی فەرمانڕەوا لێك جیاکرانەوە ئەوانەی تەنیا کاربەدەست یا کرێکارانی خاوەن سەروەرین، بەناوی ئەو و بۆ ئەویش کاردەکەن و بەگوێرەی ئەو دەسەڵاتەی یاسا بۆیان دیاری دەکات، مافی داواکردنی چ مافێکی شەخسیشیان نییە لەمەڕ ئەو پیادەکردنەی فەرمانڕەوایەتیان، فەقیهی بەریتانی (A.V.Dicey) دەڵێ هەبوونی زیندانی بلستیل (la Bastille) بەڵگەیەکی ڕوونە لەمەڕ دەسەڵاتێکی بێ یاسا، دارمانی بلستیل بووە هۆی ئەوەی لە ئۆروپا لەسەدەی نۆزدەهەمدا داوای سەروەریی یاسا بکرێ، هەروەها لە گۆشەنانی هێزی ئیمپراتۆریەتی 1871 و سنووردارکردنی بەپێی یاسا، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی یاساناسە ئەڵمانییەکان قووڵتر لە تیۆری دەوڵەتی یاسا بکۆڵنەوە.

**لە دەوڵەتی یاسادا شتی هەرە لە پێش بۆ پرۆسەی دیسپلینکردنی دەسەڵاتەو ڕێگرتن لە پێشێلکردنی ئازادی هاووڵاتیان یا پرەنسیپەکانی یەکسانی لەبەردەم یاسادایە**

دەوڵەتی یاسا دەبێ ملکەچی ئەو ڕێسایانە بێ، کە ئازادییەکانی هاووڵاتیان فەراهەم دەکەن، بۆیەش هاوبەندییەکە پتەوو توندوتۆڵە لە نێوان ئەو دەوڵەتە و دیموکراسیدا، بە ڕای ترۆپەر (Troper.A) (گەر هەر دەوڵەتێکی یاسا

بەزەروورەت دەوڵەتێکی دیموکراسی نەبێت ئەوە هەر دیموکراسیەتێك پێویستە دەوڵەتی یاسا بێت ) ( Sur le concept dEtat de droit. Droit,1992,p.59).

دەوڵەتی یاسا دژ بە دەوڵەتی پۆلیسیە، ئەو دەوڵەتە پۆلیسیە ڕێسای هەیە، لێ ڕێسای ئەوتۆن بۆ ڕێکخستنی پەیوەندی نێوان کاربەدەستانی سەرەوەو خوارەوە، دەستەی کارگێڕیی هەمیشە پەنا دەباتە بەر بەکارهێنانی دەسەڵاتێکی -تەقدیرییانە- و ئەو بڕیارانەش وەردەگرێ، کە پێی وایە پێویستن بۆ پیادەکردنیان لەسەر هاووڵاتیان بەدەستپێشخەرییە تایبەتییەکانی ئەو -خۆی – بەمەبەستی گەیشتن بە ئامانجەکانی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەیەکی هەنووکەییانەی هەر شتێك ئەو پێی وایە نەگونجاوە لەگەڵ ئەو ئامانجانە، ئەو ڕێسایانەی پارێزەری ئازادییەکانن تەنیا تاکەکەسە ئاساییەکان دەگرێتەوە لەکاتێکدا دەوڵەتی یاسا مافەکانی هاووڵاتیان لە بەگژاچوونەوەی فەرمانڕەواکان و ئیدارەکە، دەستەبەر دەکات، هەروەها خودی خۆیشی ملکەچی ئەو ڕێسا یاساییانەیە، کە خۆی بڕیاری لەسەرداوە ئەو هاوزەمان خزمەتکاری ئازدییەکانەو پارێزەریشیانە.

هەروەها لەگەڵ دەوڵەتی تۆتالیتاریشدا (Totalitarisme)جیایە دەوڵەتی تۆتالیتاریزم کار بە چەمکی یاسا ناکات ئەو خۆی پێ لەسەرەوەی یاسایە و سەرچاوەی سیستەمە یاساییەکەیە، واتە ئەو گەورەو ئاغایە، یاساش بریتیە لە ئەمروفەرمانی ئەو(ماکس گۆنال – Max Gounaelle).

ئیدی ئەو تیۆرە مەرگەساتی ئەوتۆی لێکەوتەوەو بەشەریەت بەدەستیەوە ناڵاندی، نموونەش ئەڵمانیای نازیزم و ئیتالیای فاشیزمە، چوون هەوڵی ڕەگداکوتانی بیرۆکەی نەتەوەیی – کۆمەڵایەتییان دا، هەروەها جەخت کردنە سەر یاسا ڕەهاکان بەهۆی لکاندنی یاسا بە بەرژەوەندی نەتەوەییەوە بەمەش ئاکامەکەی بووە هۆی ونبوونی مافەکانی تاکەکەس لە بوارەکانی مافە شەخسییەکان، ئەو جۆرە دەوڵەتە پرەنسیپی جیاکردنەوەی گشت و تایبەت وەلا دەنێت و ڕێز نانێ لە پرەنسیپی جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان و چ مافێکی بەرهەڵستکارانەی دەسەڵات ڕەچاو ناکات و قبووڵ ناکات و ڕێنادات بە پلورالیزم و ڕای دیکە و هەبوونی پارتی سیاسی یا کۆمەڵەکانی کۆمەڵگەی سیڤیل و ..تد.

لە کاتێکدا دەوڵەتی یاسا پابەندە بەو ڕێساو یاسایانەی خودی خۆی هێناویەتە کایەوە(خودپابەندکاریی – auto limitation ) هەروەك فەقیهی فەرەنسایی ئیهەرنگ(Ihering, le But en droit, 1877-1883)وەسفی کردووە، کە (لە پەیوەندییەکانی بە هاووڵاتیانیەوە و بۆ دەستەبەرکردنی بارودۆخە تاکەکەسیەکانیان، خودی خۆی گوێرایەڵی سیستەمە یاساییەکە دەکات ) هەروەك فەقیهی فەرەنسایی ریمۆن کارە دی مالبۆرگ ئاماژەی پێداوە( Raymond Carre de Malbberg, 1861 – 1935) هەروەها ئەو دەڵێ ئەوە چەمکی دەوڵەتی یاسایە – ئۆستورەی سیاسی و یاسایی -بەهاگەلی بنەڕەتی یاسایی بەخۆوە گرتووە وەك ڕێزگرتنی تاك لە لایەن دەوڵەتەوە و سنووردارکردنی هەڵسوکەوتەکانی دەسەڵاتە گشتییەکان و کەلکی یاسا وەك ڕەگەزی پاراستنێکی بنەڕەتیانە.

بە پێی چەمکی مارکسیزم، کە لە دەوڵەتی سۆسیالیستی پێشوو باڵی کێشا بوو لە چوارچیوە عەقائیدیەکەیدا پێی وایە ڕێسا یاساییەکان، ئەو ئامرازانەن پاساودەری مەشروعیەتی دەوڵەتن، کە لایەنگیری دەسەڵاترۆیی چینە بۆرژواکان دەکەن، یاسا بە ئامرازێکی ئایدیۆلۆجی و سیاسی دادەنرێ لە خزمەت چەوسێنەر دایە دژ بە چەوسێنراو، لەتەك ماشێنی سەرکوتکارانەی دەوڵەت(حوکمەت و ئیدارەو سوپاو پۆلیس و قەزا) ئەوە ماشێنی ئایدیۆلۆجیش (کلێسەوسستەمی کۆمەڵایەتی و سستەمی خێزان و سستەمی میدیاو یاسایی)یش ڕۆدەنرێ(لویس ئالتۆسیر - Louis Althusser

1918-1990) بە گوێرەی رەخنەی مارکسی ئەوە چەمکی یاساو ئەخلاق بەر لە شۆڕشی فەرەنسایی تەنیا بەهایەکی رێژەییان هەبوو، چونکە تەنیا دیدوبۆچوونی چینی خانەدان و بۆرژوایان رەنگ پێدەدایەوە.

لە راستیدا دەوڵەتی یاسا لە کەموکوڕی بەدەر نییە، لە دەستدرێژیکردنە سەر مەشروعیەت و پلەدارێتی رێسا یاساییەکان یا رەتدانی پرەنسیپی چاودێری قەزایی لەمەڕ دەستووریەتی یاساکان، لەگەڵ ئەوەشدا ناکرێ دەوڵەت لەو بارەدا لە هەبوونی پێشێلکارییەکان یا وروژاندنیان -جاروبار- بەناوی بەرژەوەندی گشتی(raison d, Etae)بە دەوڵەتی یاسا ناو نەبرێ. زۆرجار دەوڵەتی تۆتالیتاری و دەوڵەتی ستەمکار ئەو بارو رەوشانە دەوروژێنن بۆ ئەوەی بڵێن گوایە ناکرێ باس لە دەوڵەتی یاسا بکرێ لەرووی پراکتیکەوە بەو پاساوەی گوایە ئەو هەمیشە لەروو بەرووبوونەوەی هەلومەرجەکە دایە زۆرجار سەرچاوەکەی دەرەکییە، بۆیە بەرژەوەندی باڵی دەوڵەت دەخوازێ بەگژی دا بچێتەوە.

دەرچوونی یاساکان و پیادەکردنیان لە چنگی دەوڵەتدان و هێزی گشتیش لەسەریەتی یا ناچارە یاساکانی سزا(جەزایی) پیادە بکات رێگەکانی جێبەجێکردنیشیان بە هێزەوە بۆ ئەو دەگەڕێنەوە، بەڵام ئەو جێبەجێکردنە لە باری ئاساییدا تەنیا لەرێگەی قازی یا دادوەرەوە دەبێ، کە بەجیا سەیری هەر حاڵەتێك دەکات، هەروەها دەوڵەت کاردەکات بۆ سێنترالیزەکردنی سەرچاوەکانی یاسا بەجۆرێك بەهۆی ئەوەوە یا لەژێر چاودێری ئەودا فۆرمەڵە ببن.

لە دەوڵەتی یاسادا وەك ئاماژەی پێدرا پرەنسیپی پلەدارێتی یاسایی باڵادەستە، بۆ زێتر روونکردنەوە ئەو نموونە فەرەنسیە وەردەگرین، چوون لە ترۆپکی پلەداریەتیدا جاڕی مافەکانی مرۆڤ هەیە، کە شۆڕشی فەرەنسایی دەریکردو بە پێی فەرەنسیەکان داندەنێ بەو مافە سروشتییانەی ناکرێ دەستبەرداریان ببی و پیرۆزیشن، ئینجا دەستوور دێ ئەویش دەستووری 1958 ی کۆماری پێنجەمە پاشان یاسا دێ، ئینجا دواشت بڕیارەکانی دەستەی جێبەجێکردن دێ.

پلەداریەتی روونی دەکاتەوە، کە دەسەڵات سنووردارە بە رێساکانی دەستوور بەهۆی پابەندکردنی کاربەدەستە باڵاکانی، فەرمانڕەوا تەنیا بەپێی بڕیارەکانی یاسا فەرمانەکانی پیادە دەکات، واتە لەسەریەتی ئەوەی پێ راسپێردراوە رێزی بگرێ و تخوبەکەی نەترازێنێ ئەگەرنا کاروکردەوەکانی نادەستووری و پووچەڵن بەهۆی کارنەکردنی بە رێسا مەشروعەکانەوە.

**پرەنسیپی یەکسانی لەبەردەم یاسادا لەوەوە سەرچاوە دەگرێ، کە ئادەمیزاد وێرای پلەو پایەی کۆمەڵایەتی یا پێگەکەی، ئەوە لەرووی ئەسل و فەسڵی یا ئایینی یا رەنگی پێستی یا راوبۆچوونی سیاسی هەرچییەك بێ ئەوە لەخودی خۆیدا**

روون کردنەوەی چەمك و ئامانجی پلەداریەتی رێسا یاساییەکان بۆ فقیهی نەمساوی هانس کلیسن (Hans Kelsen) دەگەڕێتەوە بە ئاماژەدانی بە زەروورەتی (هەڵێنجانی یاسا لە بنەما ئایدیۆلۆجی و ئەخلاقیەکەی و بکرێ بەتەقەنیەتی رێکخستن، تەقەنیەتێکی وردەکارانە لە خزمەت دەوڵەتی عەلمانیدا).

بەپێی ئەو تیۆرە پێویستە رێسای یاسایی(ژێریی) رێز لە رێسای سەرەوەی خۆی بگرێ لە پلەکانی هەرەمی بونیاتەکەدا، چوون دەستوور لە ترۆپکەکەیدایە، جا بۆ رێزنان لە پلەدارێتی هەر دەبێ میکانیزمێکی کاراو ئەکتیف هەبێ لەمەڕ چاودێری کردنی دەستووری

دەرچوون و پیادەکردنی یاساکان، بۆیە بۆ ئەم مەبەستە (بۆ نموونە لە فەرەنسادا ئەنجوومەنی دەستووری) هاتەکایەوە.

بیرۆکەی چاودێری کردنی دەستووریەتی یلساکان، کە کۆمەڵە ئامرازێکی مەبەستداری یاساییە بۆ زامن کردنی هاوجووتی یاساکان لەگەڵ دەستوور و بەو دواییەش بە زەحمەت قبوولکرا بەهۆی ئەو -تەحەفوزاتە -زۆرەی لەلایەك بۆ سروشتی خودی یاساکە دەگەڕێتەوە، چوون چاودێری کردنی بە پێچەوانەی پرەنسیپی شکۆداریی یلسایە وەك گوزارشکار لە ئیرادەی گشتی(ئەو یاسایە بەبەشداریکردنی گشت هاووڵاتیان دارێژرا راستەوخۆ یا ناڕاستەخۆ -بەوەکالەت- و پێویستە بۆ گشت وەك یەك بێ، مادەی -6- لە جاڕی مافەکانی مرۆڤ و هاووڵاتی ساڵی 1789) لە لایەکی دیکەوە تەحەفوزەکە بە هۆی ترسێکەوەیە لە پێکهاتنی (حوکمەتی قازیەکان) بۆیە دەبوایە چاوەڕێی کۆماری پێنجەم بکەن بۆ دەریچەیەك لەمەڕ سەروەریی دەستوور، جا لێرەوە دەبێ یاسا ملکەچی چاودێری دەستووری بێ بەمەش دەستەی دامەزرێنەری دەستوری ساڵی 1958 کاری کرد بۆ دامەزراندنی ئەنجومەنێکی دەستووری وەك دەستەیەك ئامانجی چاودێریی دەستووریانەی یلساکان بێ، هەروەها سەپاندنی رێزنان لە پلەداریی رێساکان و ملکەچیان بۆ پرەنسیپی مەشروعیەت، یاسا گەرهاتوو هاوجووت نەبوو لەگەڵ پرەنسیپە بڕیاردراوە باڵاکانی نێو دەستور، هەروەها گەرهاتوو بەپێی کارڕاییە نیزامیەکان دەرنەچوو و پەیرەو نەکرا ئەوە مەشروعیەتی خۆی لەدەست دەدات.

لە دەوڵەتی یاسادا شتی هەرە لە پێش بۆ پرۆسەی دیسپلینکردنی دەسەڵاتەو رێگرتن لە پێشێلکردنی ئازادی هاووڵاتیان یا پرەنسیپەکانی یەکسانی لەبەردەم یلسادایە، رەگداکوتانی پرەنسپی جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان -یلسادانان و جێبەجێکردن و قەزایی -و دۆزینەوەی میکانیزمی ئەوتۆی ئەکتیف بۆ پیادەکردنی بەجۆرێك دەسەڵاتێك دەسەڵاتەکانی دیکە نەبەزێنێ لەمەڕ رێگرتن لەوەی تەواوی کارو فەرمانەکانی بە ئەنجام بگەیەنێ یا ئیمتیازاتی خۆی لەسەر حیسابی ئەو بەدەست بێنێ، وێرای گشت ئەو پرەنسیپانەی دەستوورەکان دەیڕەخسێنن ئەوە دەسەڵات بە سروشتی خۆی مل دەنێ رووەو دەسەڵاتڕۆیی -دەسەڵاتگەریی -و دەست بۆ ئامرازەکانیش دەبات بۆ بەجێگەیاندنی ئەو مەبەستە، جا جگە لە دەسەڵاتێکی دیکەی هاوشێوە لەرووی هێزەوە نەبێ ئەوە ناتوانی سنوورێکی بۆ دابنێی و لەو سنوورەی رایبگری، دەسەڵات دەسەڵت رادەگرێ بە پێی گوزارە بەشۆرەتەکەی مۆنتسکیۆ لەمەڕ جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان.

لەراستیدا لەرووی پراکتیکەوە پرەنسپی جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان بەو شێوەیە کارناکات وەك تیۆریزانانی تیۆری جیاکردنەوە تەرحیان کردووە، دەوڵەتی مۆدێرن لەبەردەم هەمەجۆرییەکی مەزن و ئاڵۆزکاریی یلساکان دایە، هەروەها فرەیی دەقەکان بەجۆرێك گشت بوارە چالاکەکانی نەشونماکردن و گەشەکردنی گرتۆتەوە - هەمەجۆریی ناوەڕۆکی ئەو دەقانەو تێکقرژاویان وایان کردووە فامکردنی هەمیشە لای هاووڵاتی ئاسایی سادەو ئاسان نەبێ، تەنانەت پیشەوەرانی یاسایش بە سانایی بەو یلسایە نازانن پێویستە لە هەندە حاڵەت پیادەبکرێ — بەجۆرێك بەڕێوەبردنی دەوڵەتیش بەشێوەیەکی روون و رەوان بێ بۆ دۆزینەوەی ئەو ئامرازو میکانیزمانەی پێوەندیکردن و تەنسیقکردن لە نێوان دەسەڵاتەکاندا بەبێ لاریکردن یا زاڵدەستی ئەو ئامرازو تەقەنیاتانەش لە دەوڵەتێکەوە بۆ یەکێکی دیکەی دیموکرلسی جیایە — ئەو جۆرە جیاکردنەوەیە لە دەوڵەتانی نادیموکراسی بەدی ناکەی — بەڵام هەمیشە لە دووتوێی پرەنسیپی جیاکردنەوەو پرەنسیپی سانسۆرێکی هەمیشەیی و ئەکتیڤدایە.

پرەنسیپی یەکسانی لەبەردەم یاسادا لەوەوە سەرچاوە دەگرێ، کە ئادەمیزاد وێرای پلەوپایەی کۆمەڵایەتی یا پێگەکەی، ئەوە لەرووی ئەسل و فەسڵ یا ئایینی یا رەنگی پێستی یا راوبۆچوونی سیاسی هەرچییەك بێ ئەوە لەخودی خۆیدا بەهایەکە، مەبەستی هەبوونی ئەو دەسەڵاتەش دەستەبەرکردنی ئازادیەکانی و زامنکردنی یەکسانییە لەگەڵ ئەوانیدیکەدا، کەسانی ئاسایی یا بەرپرسە سیاسییەکان یا ئیدارییەکان هەروەها پاراستنی بەهاکەی.

راستە یەکسانی لەبەدەم یاسادا بەس نییە وەك ئەرکی دەوڵەتی لیبرالی(الحارسة) ئابووری بازاڕ و هاندانی دەستپێشخەری تاکەکەسیانە نایەکسانی کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی قووڵتر دەکات و رێدەگرێ لە پیادەکردنی مافەکانی هاوڵاتێتی، تاکەکان لە کاتی هەبوونی جیاوازی ئابووری و کۆمەڵایەتی ناتوانن بەشێوەیەکی تەواو مافە سیاسییەکانیان پیادەبکەن، لەبەرئەوە زێتر -لەلایەن بانگەشەکاران -پەنا بۆ دەستتێوەردانی دەوڵەتی لیبرالی دەبردرێ لەو بوارانەدا بۆ ئەوەی رەهەندی سەرەکی دیکە بدرێنە چەمکی یەکسانی و ئەو بانگەشەکارانەش پێیان وایە ئەو دەستتێوەردانەی دەوڵەت دەستتێوەردان نییە لە مافە مەدەنی و سیاسییەکان.

دەوڵەتی یاسا پرەنسیپی یەکسانی لەبەردەم قەزادا دەسەپێنێ لە نێوان تاکەکەسە ئاساییەکان و بەرپرسە سیاسی و ئیدارییەکان بەجۆرێك چ ماف و ئیمتیازاتێکی ئەوتۆ نابەخشێتە ئەوانە بەبیانووی ئەوەی گوایە نوێنەری نیشتمانن، هەر تاکێك یا کۆمەڵەیەکی مەدەنیش مافی پرۆتستۆکردنی پیادەکردنی رێسایەکی یاسایی هەیە، کە هاوجووت نییە لەگەڵ رێسایەکی یاسایی سەرەوەی خۆی بەپێی پرەنسیپی مەشروعیەت.

بۆ ئاسانکاری گەیشتن بە قەزا بۆ ئەوانەی -دەرامەتیان دیاریکراوە -پرەنسیپی -گەر شیا بڵێین — بەخۆرایی قەزا بەرەوی پێبدرێ، چوون ئەو بارە مادییەی شکایەت و شکایەتکاریی ناخرێتە ئەستۆ تەنیا خەرجییە قەزاییەکان نەبێ، چەندین دەوڵەت سیستەمی یارمەتیدانی قەزایی رەخساندووەو دەستەبەر کردووە، بۆ نموونە لەفەرەنسادا یارمەتییە قەزاییەکان کە پێی دەوترێ (Aide juridictionnelle) گشت جۆری شکایەتەکان (مەدەنی، سزا، ئیداری)بەتەواوەتی یا تارادەیەك دەگرێتەوە جا سروشتی ئەو ئیجرائاتانە هەر چییەك بێ هەردووکیانیش شکایەتکار وشکایەتلێکەریش سوودی لێدەبینن، جا چ فەرەنسی بێ یا هاووڵاتی یەکێتی ئۆروپی بێ یا بیانی بێ و بەشێوەیەکی یاسایی لە فەرەنسادا بژیێ، هەروەها ئەو کۆمەڵانەی داهاتیان دیاریکراوە بەهەموو جۆرەکانیەوە، لەتەك ئەوەش یاسای (10)تەمموزی(1991) چواچێوەی یارمەتییەکانی بەرفراوانتر کردو گەیشتە مافەکانی (au droit acces) چوون خاوەن ماف بە بێ بەرامبەر ئەو زانیاریانەی پێدەدرێ لەمەڕ مافە بنەڕەتییەکانی(ئازادی تاکەکسی، جێی نیشتەجێ، کار...)هەروەها وەدەستهێنانی راوێژکاریی یاسایی و ئاسانکاریی بێ بەرامبەر بۆ بەئاکام گەیاندنی ئیجرائاتە کارگێڕیەکانی(ئەنجامدانی گرێبەستەکانی کرێ، گرێبەستەکانی کارکردن، ..) هەروەها هەبوونی قەزایەکی سەربەخۆ و تایبەتمەند بە چاوکردنە ئەو کێشمەکێشمەیەی نێوان کەسایەتییە جیاجیا یاساییەکان هاوکات لەگەڵ پرەنسیپی ئەو مەشروعیەتەی دەرەنجامی پلەداریی رێساکانە، هەروەها پرەنسیپی یەکسانی دژ بە هەر جیاکاری کردنێك لە نێوان کەسایەتییە یاساییەکان، سەربەخۆیی قەزا زامنی دەستپاکیەتی بۆ جێبەجێکردنی رێسا یاساییەکان.

دواشت دەکرێ بڵێین دەوڵەتی یاسا دەوڵەتی موئەسەساتە، سیستەمەکەی بەشێوەیەکە بەرژەوەندی هاووڵاتیان بەبێ جیاوازی بەدیدێنێت، مەبەستیشی بەتایبەت پاراستنیانە و

داکۆکیکردنە لێیان دژ بە ستەمی دەسەڵاتەکان لە دەوڵەتدا، ئەمەش بەتەنیا بە بریق و باقکردنی دەستوورەکان نابێ بە دەقەکانی مافەکانی مرۆڤ، هەروەها بە دەرچوواندنی یاسا لەو بوارەدا، بەلکە لەرێگەی جێبەجێکردنیان و دەستەبەرکردنی ئامرازە پێویست و ئەکتیڤەکانی بۆ ئەم مەبەستە و دەستەبەرکردنی چاودێری پێویست بەرپرسان و کارگەرانیان وەك هاووڵاتی ئاسایین لەمەڕ بڕیارەکانی یاساو گوێڕایەڵین، ئەو دەوڵەتەی یاسا دادەنێ یەکەمینیانە -واتە بەر لەهەر کەس- دەبێت ملکەچ و گوێڕایەڵی بێ (واتە هی یاساکە).

ئەو چەمکانە پاش خەباتێکی درێژخایەنی گەلان و بیرمەندان هاتن و گەشەیان کرد لەبوارەکانی کۆمەڵایەتی و فەلسەفی و سیاسی و یاساییدا، دەسەڵات دابەزییە سەرزەوی و قودسیەت و پاکیزەیی (عصمة)ی لێ داماڵڕا، بەمەش بەرپرسەکانیان بە کەسانی ئاسایی دادەنرێن لە خزمەت دەوڵەت و پێکهاتەکانیدا، وەزیفەی دیاریکراویان هەیەو پێشتر راسپێردراون بەو کارانە و ناشتوانن بیترازێنن.

پرسیارەکە ئەوەیە: کەی دەسەڵات لای ئێمە دەبێ بە -مومارەسەکردنی وەزیفە- و قودسیەت لە مومارەسەکارانی وەلا دەنرێ و تووڕ دەدرێ؟، ئاوا سەیر دەکرێ تەفویزێکە بۆ ئەو کەسەی ئەو مافەی هەیە — واتە مافی تەفویزکردنەکە- نەك گرێبەستەکانی ئیمتیارازات لەمەڕ ئیستیغلالکردن لە شێوەی گرێبەستە کۆنەکان ئەوانەی دەبەخشرانە کۆمپانیاکانی وەبەرهێنان خودان کات و ماوەیەکی دیاری نەکراو، کە بوارەکەی دەوڵەت و پێکهاتەکانیشی دەگرتەوە.

..........................................................

سەرچاوە:
الحوار التمدن – عدد: 1589 - 2006/6/22